# پێنتاگۆن لەکۆتاییدا خراری خۆی هەڵدەڕێژی (١)

Turkish Daily News ، 7/5/2003 **نووسینی محمد علی بیراند- لە**
**وەرگێڕانی - تاهیر تەیب**

لەم ڕۆژانەدا، لەمیانی هاڵسوکەوت کردن دەگەڵ عیراقیّ، دوو کارگێری جودا لە واشنتندا هەنە.

یەیکەمیان پێنتاگۆن و دووەمیشیان وەزارەتی دەرەوەیە. یەکێکیان تا ئەپەڕ توندو ڕەقە-کارەو دونیاش بەتەواوەتی بەوێنەیەکی جیاواز بەدی دەکات. ئەوەکەی دیکەیان هەوڵ دەدات پەیوەندی یەکانی خۆی دوور لە کاروبارە نالەبارەکان ڕابگری. ڕەنگە ئەم قسەیەم نەختێك لەقەبارەی خۆی فرەوانتر بێت، بەلاّم هەردوولایەن وا پێدەچن ڕقیان لە یەکتری ببێتەوە.

پێنتاگۆن پوولی خۆی خستۆتە سەر سیاسەتەکانی پاش سەددام و کارتێکردنەکەشی وردەوردە پەرەدەستێنیّ. لەهەمان کاتدا، وەزارەتی دەرەوە هەر پەیڕەوی سیاسەتی جارانی دەکات. دەلّێی لە بەر دەستی سەرۆك بوشدا دوو دونیای جیا دەگەڵ یەکدیدا پێشبڕکێیانە. هەر ڕۆژێك دەڕوا کەلێنێکی گەورەتر ئاشکرا دەکات.

کە پەرلەمانی تورکان ئەو پێشنیارەی سەبارەت بە ڕێگەدانی لەشکری ئەمێرکای بۆ بلاّوبوونەوەی لەناو خاکی تورکیای وەرچەرخاندەوە، واشنتن ودم-گرتوو بووو تووشی نائومێدی و تووڕەییەکی زۆرهات. بەلاّم کۆششی زۆرکرا تا ئەم هەڵچوونانە سەرئاو نەبن و لەپەنا پەردەوە گەلێك نارِزایی دەربڕان. کەچی وا لەکۆتاییدا دەرگای دۆزەخ کرایەوە. پۆوڵ وۆلّفویتز، کە ئێستا بەبەهێزترین کەسی کارگێری وەلاّتەیەککگرتووەکان دەزاندریّ، لەهەر هەموو بەرپرسێکی ئەمێرکایی ئازایانەتر، وەك ئاو هەلّوێستی پێنتاگۆنی لەمەڕ ئەم کێشەیە، ڕوون کردەوە.

بەڕاشکاوی دەلّێم، من پێشبینی جۆرە کاردانەوەیەکم دەکرد، بەلاّم هەرگیز بەخەیالّمدا نەدەهات کە کاردانەوەکە ئەو هێندە زیت-و-زەق بێت. لەڕاستیدا، ئەم قسانە چونکەلەو پێنتاگۆنەوە دەرچووە کە تا ئێستا هەر لایەنگری تورکیاو پارێزەری بووە، بۆیە ئەویەڕ دژواری بابەتەکە ئاشکرا دەکات. هەروەها قوولّی گرفتەکەش دەخاتە بەر چاوان.

تائەوپەڕگرینگە کە ئەم قسانە لەلایەنی وۆلفویتزەوە کراون--چونکە ئەمە یەکەمین جارە ئەم جۆرە قسانە لەئەنکاراوە دەبیستریّ.

**<u>دان بە هەڵەکەتاندا بێنن و هەلّوێستەکەشتان بگۆڕن</u>**

وا من لێرە مەرامی قسەكانی بریكاری وەزیری بەرگری وەلاَتەیەككگرتووەكانتان بۆ شی دەكەمەوە، تا "ئەوەی كە ئەو ویستی بیلَێ" بۆتان لەچواچێوەیەكی جوان بگرم. پەیامەكەی وۆلَفویتزلەم دێڕانەدا خۆیان دەنوێنن:-

- وۆلَفویتز ئەوەی جەخت كردەوە كە حكومەتی توركی و سەركردایەتی سوپای تورك و كۆمەلَگەی توركەواری لەدژی هەلَوێستی ئەمێركا بوون و لایەنگری سەددام بوون. پێشنیاری ئەوەش دەكات كە توركیا دان بەهەلَەكەیدا بنێ و هەلَوێستیشی بگۆڕێ. جەختیشی كردەوە كە دەبێ توركیا هەنگاوی وەتۆ بنێ كە دووبارە بیگەڕێنێتەوە بن دەواری وەلاَتەیەككگرتووەكان.
- بەپێی قسەكانی وۆلَفویتز، توركیا لەناو كۆمەلَی ئەو "**وەلاَتانەدا نییە كە لەدژی عیراقدا هاوپەیمانن**." ئاشكراشی كرد لەبەر ئەمەو بەهۆی "**كاردانەوی هاولاَتە عیراقییەكانەوە**"ش لەشكری توركان ناخرێنە ناو هێزە ئاشتی پارێزەوە. خۆ لەگەلَ ئەمەش شێوەی بژاركردنی وشەكانی وۆلَفویتز ئەم پەیامەی دەگەیاند كە "ئەگەر لە ئەمێركا نزیك ببنەوە ئەمە بارەكە دەگۆڕێ. "

<u>باكووری عیراپق چیدی بەباخچەی مالَی خۆتان مەزانن</u>

- وۆلَفویتز بەئەوپەڕی وریایی یەوە وشەكانی خۆی بژار كرد. بەلاَم كە نێوان دێڕەكانیم خوێندەوە، ئەم پەیامەی خوارەم لێی وەرگرت:- باكووری عیراق چیدیكە باخچەی پشت-مالَی توركیا نییە. ئێوە چیدی ناتوانن هەركاتێ كەبتانەوێ بچنە ناوی و هەركە ویستیشتان لێی دەربچن. چیدی ناتوانن بەئازادی لەوێ جموجۆلَی خۆتان بكەن. دەبێ هەموو چالاكییەكانی خۆتانمان بۆ ئاشكرا بكەن، لە ئێمە ئیزن وەربگرن. لەمەودای دوورخایەنیش، تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەكانیشمان تیمار بكەینەوە، هێشتا هەر ئەستەمە بۆتان كە لە باكووری عیراقێدا بمێننەوە. **بوەستن، چیتر هەراسانی كوردان مەكەن.**

<u>سەركردایەتی سوپا نەدەبوو لەدەربارەی پێشنیارەكە بێدەنگبوایە</u>

- تیبینیەكانی وۆلَفویتز سەبارەت بە هێزە سەربازییەكانی تورك لەهەموویان پتر حەپەساندمی. پێنتاگۆن هەمیشە لەشكری توركی بەباشترین هاوپەیمانی خۆی ناسیوەو هەرگیز ڕەخنەی لێ نەگرتووە. كەچی ئەم ڕێسایەش ئەمجارەیان پێشێل كرا. وۆلَفویتز بۆیەكەمجارو بەشێوەیەكی تایبەت جەختی كردەوە كە ئەوان، بەهۆی بێدەنگبوونی سەركردایەتی سوپای توركەوە سەبارەت بەم كێشە گەورەیەی كە پەرلەمان نەیهێشت لەشكری ئەمێركایی بەتوركیادا ڕەت ببێ

بۆ ناو خاكی عیراق بچی، تا ئەویەڕ نائومێدبوونە. كاتیٚ كە هەندیٚ لەكارمەندانی پێنتاگۆن داوایان لە ئەنكارا كردو ئەم وەلاٚمەیان درایەوە كە دەلٚیٚ: "ببورن، ئێمە هاودەنگی كارای ئێوە نینەو قسە دەگەلٚ حكومەتدا بكەن، " بەپێی هەوالٚكان لەشكری ئەمێركایی بەهیچ جۆرێك باوەڕی بەم وەلاٚمە نەدەكرد.

***لەمەپتر لەسوریاو ئێران نزیك مەكەونەوە***

وۆلٚفویتز زۆر بەڕاشكاوی دیاری خست كە توركیا زۆر لە سوریاو لە ئێران نزیك بووەتەوە. منیش پەیامەكەیم بەم شێوەیە خوێندەوە: -"ئەگەر ئێوە بەپێی پلانی سیاسی ئێمەوە لە سوریاو لە ئێرانیٚ نزیك دەبنەوە ئەوە هیچ گرفتێكی نییە، ئەگەر نا، هەلٚوێستەكەتان وا دەخوێنینەوە كە ئێوە لە دژی ئێمەنە. " ئەمە بیرو بۆچوونی پێنتاگۆنەو بەیانیش هزری وەزارەتی دەرەوە تاووتویٚ دەكەین.

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت